## پزیشکێکی هۆڵەندی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر خێرا بڕیاردانی لیۆ ئەنجامدەدات..

# "مێسی بە کوێریش یاری بکات کێشەی نابێت"



رووداوی وەرزشی ـ CNBC

پزیشـکێکی هۆڵەندی بڕیاریـداوە توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ئەنجام بدات، لەبەرئەوەی زۆر سەرسـامە بە زوو بڕیاردنی ئەو یاریزانە لە کاتی پاسدان و گۆڵکردن و دەڵێت «مێسی لەناو یاریگەدا بە چاوتروکانێک بڕیاردەدات».

دکتـور پیتـەر میدینـدۆرب، لـە زانکـۆی رادیۆد لە شـاری نمیخنـی هۆڵەنـدی بەمەبەسـتی زانینی نهێنییەکانی ئەو خێراییە سەرسـەڕهێنەرەی مێسـی لەنـاو یاریگەدا لە بڕیارداندا هەیەتی، توێژینەوەیەکی زانسـتی ئەنجامـدەدات، چونکە زۆر سەرسـامە بەو سـیفەتەی مێسـی، کە پێیوایە ئەوە تەنیا سیفەتی بلیمەتەکانـە. پیتەر میدینـدۆر، لەو بـارەوە دەڵێت «ئەوەی لە مێسیدا دەبینم، کە بە چاوتروکانێک بڕیار دەدات پاس بداتە هاوڕێکانی یان تۆپەکە ئاراسـتەی گۆڵی بەرامبەر بکات، حاڵـەتێکی دەگمەنە، زۆر کەمن ئەو مرۆڤانەی دەتوانن بەو خێراییە بڕیاری وا دروست بدەن، بۆیە پێویستە نهێنییەکە بزانم». ئەو پزیشکە هەروەهـا دەڵێت «مێسـی لەناو یاریگـەدا بێئەوەی چاوەکانـی بکاتـەوە، بێجگە لە هاوڕێکانی شـوێنی یاریزانانی تیپـی بەرامبەریش دەبینێت، بۆیە بێجگە لـەوەی زۆر بەخێرایـی بڕیاری دروسـت بۆ پاسـدان دەدات، دەشـزانێت چۆن خۆی لە یاریزانانی تیپی بەرامبـەر رزگار بـکات». دواتـر ئەو پزیشـکە دەشڵێت «لەبەر ئەم سـیفەتە جیاکەرەوەیە، ئەگەر مێسـی کوێریـش بێت لەنـاو یاریگەدا کێشەی نابێت».


WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (384) سێشەممە 2016/1/19 29ی بەفرانبار 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## 20 ریکۆرد بەڵگەن لەسەر ئەو راستییە..

# دۆن ئەفسانەیە

"ئەفسانەی کریس لەگەڵ شەیتانەکان دەستیپێکردووەو لای شایەکان تەواویکردووە"





سەمیر بابۆ: بە مەبەست زولم لە پێشمەرگە دەکرێت

2



## چاڤی هیچی لە زێدان کەمتر نییە

3»



## بەڵێنیان پێدراوە

سـکرتێری یانەی وەرزشـیی زاخۆ، تایبەت بە (ڕووداوی وەرزشـی) ڕاگەیاند کە پارێزگاری دهۆک بەڵێنی پێداون یارمەتی ماددی پێشکەشی یانەکەیان بکات، بۆ گرێبەستکردنی یانەکە لەگەڵ ئەیوان ماریای ڕۆمانی، ڕاهێنەری تازەی یانەکە. لەو بارەوە خەلیل ئەحمەد، گوتی «بەڵێ لەلایەن پارێزگاری دهۆکەوە بەڵێنی هاوکاریمان پێدراوە، بۆ گرێبەستەکەی ئەیوان، کە بەفەرمی لەگەڵ ئەو ڕاهێنەرە ڕێکەوتووین تاوەکو کۆتایی ئەم وەرزە مەشقی تیپەکەمان لە ئەستۆ بگرێت. بڕی گرێبەستەکەشی 75 هەزار دۆلارە بەبێ ئەوەی هیچ مووچەیەکی هەبێت».

---

هونەر ئەحمەد، یاریزانی یانەی وەرزشی زاخۆ:

# یانەی هەولێر بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکرد



«هێشتا یانەی هەولێر بڕی 35 ملیۆن دینار قەرزارمە»

هونەر ئەحمەد، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی ئێستای یانەی وەرزشیی زاخۆ، ئەو لە شاری کەلاری ناو جەرگەی گەرمیان لەدایکبووە لە ساڵی 1987، بەڵام ئاستبەرزی لە یاریکردن وایلێکردوە بۆ چەندین یانە یاری بکات، وەک شێروانە، سلێمانی، هەولێر و زێرەڤانی، ئێستاش یاریزانی یانەی زاخۆیە لە خولی نایابی عێراقی، ئەو کە لەگەڵ یانەکانی دیکە چەندین ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، ئێستا چاوی لەوەیە بتوانێت لەگەڵ یانەی زاخۆش ئەنجامێک بەناوی خۆی تۆماربکات.

هونەر ئەحمەد، لە هەڤپەیڤینێکدا وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداوی وەرزشی) دەداتەوە:

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

**ڕووداوی وەرزشـی: دوای چەندیـن سـاڵ یاریکـردن بـۆ یانـەی شێروانەی کەلار، کە زۆرجار فریادەرسی یانەکە بوویت لە تۆمارکردنـی گۆڵ، چۆن بوو ڕیزی ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

**هونەر ئەحمەد:** بەڕاسـتی من دەمویسـت نازناوی خولی نایـاب بەدەسـتبێنم، بـەڵام لەبەرئـەوەی یانەی شـێروانە بەهۆی کەمـی بودجەو خراپی باری دارایی نەیدەتوانی یاریزانی بەتوانـا بهێنێتـە ریزەکانـی بـۆ ئـەوەی کێبرکـێ لەسـەر بەدەسـتهێنانی نازنـاوی خولـی نایابی کوردستان بکات، ناچاربووم لـەو یانەیـە بـڕۆم. دواتریش ئەو پارەیـەی کـە یانەکانـی دیکە بە منیان دەدا زۆر زیاتر بوو لە توانای دارایی یانەی شێروانە.

**ڕووداوی وەرزشـی: بیستومانە لە یانەکانی دیکەشەوە گرێبەستی باشت بۆ هاتبوو، بۆچی لەگەڵیان ڕێکنەکەوتی؟**

**هونـەر ئەحمەد:** بەڵـێ لەلایەن هەریەک لە یانەکانی دهۆک و زاخۆ بۆ خولی نایابی عێراقی و هەریەک لە یانەکانی زێرەڤانی و پێشمەرگەی هەولێر بۆ خولی نایابی کوردستان، گرێبەستم بۆ هاتبوو، کە دواتر من زاخۆم هەڵبژارد.

**ڕووداوی وەرزشـی: ئـەی بۆچـی ریزەکانی یانەی هەولێرت جێهێشت؟**

**هونـەر ئەحمـەد:** لەبەرئـەوە ریزەکانـی یانەی هەولێرم جێهێشـت، چونکـە نەیتوانی ئـەو بەڵێنانە پێدابووم بیباتە سـەر. بڕی 35 ملیـۆن دینـارم تاوەکو ئێسـتاش لای یانەکە ماوە، هێشتا پێیان نەداوم. دواتریش پشتگوێ خستنی خولی کوردستان بەهەموو شێوەیەک لەلایەن ئەو یانەیەوە وایلێکردم بڕیاری ڕۆیشتن بدەم.

**ڕووداوی وەرزشـی: تەنیا بـۆ پارە چوویتە یانەی زاخۆ؟**

**هونەر ئەحمەد:** چوونم بۆ زاخۆ تەنیا لەبەر پارە نەبووە، چونکە من خۆم زۆر حەزم دەکرد ئەگەر بۆ ساڵێکیش بێت لە خولی نایابی عێراق یاری بکەم.

**ڕووداوی وەرزشـی: ئەی بۆچی نەگەڕایتەوە شـارەکەی خۆت لـە گەرمیان، ڕەنگە ئێسـتا پێویستی بەتواناکانت بێت؟**

**هونـەر ئەحمەد:** دوای جێهێشـتنی هەولێر چەندیـن یانـە پەیوەندییـان پێوەکـردم، کە یەکێکیان یانەی شێروانە بوو، من بە سکرتێری یانەکـەم گوت یانەیەک هەیـە بڕی 60 ملیۆن دینـارم پێـدەدات، ئەگەر ئێـوە 20 ملیۆنیش کەمترم پێبدەن دەگەڕێمـەوە، پێیانمگوت بە هەفتەیـەک وەڵامم بدەنـەوە، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامێکیان نەدامـەوە، منیش ناچاربووم یاری بۆ یانەیەکی دیکە بکەم.

«بۆ پارە نەچوومەتە زاخۆ، دەمەوێ لەگەڵیدا نازناوی خولی عێراق ببەمەوە»

**ڕووداوی وەرزشـی: تاچەنـد لەگەڵ هاتنی یاریزانانی بیانی بۆ یانەکانی کوردستان؟**

**هونـەر ئەحمەد:** هاتنی یاریزانانی بیانی بە بـاش دەزانم، بەڵام بـە ڕێژەیەکی زۆر نەبێت، هـەر یانەیـەک بـۆی هەبێت لەنێـوان 2 بۆ 3 یاریزان بێنێتە ریزەکانی. پێویستە زیاتر بایەخ بـە یاریزانانـی کـورد بدەین، کـە هیچیان لە یاریزانانـی بیانی و عەرەب کەمتر نییە، ئەگەر باشتریش نەبێت.

«نابێ هیچ یانەیەکی کوردستان یاری بە زیاتر لە 3 یاریزانی بیانی بکات»

**ڕووداوی وەرزشـی: کەواتـە ئەمسـاڵ کـە یانەکانی کوردستان پشتیان بە یاریزانانی کورد بەسـتووە، تا چەندە دەتوانـن ئەنجامی باش بەدەستبێنین؟**

**هونـەر ئەحمـەد:** بەڕاسـتی یاریزانانـی کوردسـتان هەموویان ئاسـتیان باشـە، تەنیا کێشەی کەم ئەزموونیان هەیە، چونکە لە خولی عێـراق بە کەمی یارییان کردووە، دەتوانم بڵێم تا ڕاددەیەک ئاسـتیان باش دەبێت و بۆ یەک دوو ساڵی دیکە دەتوانن ئاست و ئەنجامەکانیان باشتر بکەن.

**ڕووداوی وەرزشـی: لـە ژیانی وەرزشـیتدا بەهیوای چیت؟**

**هونـەر ئەحمەد:** بەڕاسـتی ئاواتـم ئەوەیە بتوانم لەگەڵ یانەی زاخۆ نازناوی خولی نایابی عێراق بەدەستبێنم، چونکە ئەوە تەنیا نازناوێکە کە هێشتا بەدەستم نەهێناوە.

**ڕووداوی وەرزشی: لە یاریکردن لەگەڵ یانەی زاخۆ ئاسوودەی؟**

**هونـەر ئەحمـەد:** بەڵـێ، بێگومـان زۆر ئاسـوودەم، چونکـە لەگـەڵ هـەر یانەیـەک ئاسوودە نەبم، جێیدەهێڵم.

**ڕووداوی وەرزشـی: تـۆ لـە گەرمیانـەوە هاتوویتـە بادینـان و ڕێگایەکـی زۆرت بڕیوە، هەست بە چی دەکەی کە لە شارەکەت دووری؟**

**هونەر ئەحمەد:** بەڕاسـتی زۆر ناخۆشە کە لە خانەوادەکەت و شـارەکەی خۆت دووربیت، بـەڵام هەندێجـار بارودۆخی ژیـان واتلێدەکات چەنـدە دووریـش بی ئارام بگـری. تاوەکو بە ئامانجەکەت بگەی دەبێ ئەو ناخۆشیانە ببڕی.

**ڕووداوی وەرزشی: ئاستی یانەی زاخۆ چۆن دەبینـی، لـەو بڕوایەی بتوانـن ئەنجامی باش بەدەستبێنن؟**

**هونەر ئەحمەد:** بەڕاستی ئاستی یانەکەمان ئێسـتا زۆر باشـە، پەنا بەخـوا دەمانەوێت ئەمسـاڵ ئەنجامـی بـاش بەدەسـتبێنین کە شایستەی هاندەرانی یانەی زاخۆ بێت.

**ڕووداوی وەرزشـی: هانـدەری کام یاریـزان و یانە و هەڵبژاردەی لەسـەر ئاسـتی عێراق و جیهان؟**

**هونـەر ئەحمـەد:** لەسـەر ئاسـتی عێراق هانـدەری هیچ یاریـزان و یانەیەک نیمە، بەڵام لەسـەر ئاسـتی جیهان هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیـام و سەرسـامم بە یانەکانی ئەی سـی میلانـی ئیتاڵی و ریـال مەدریدی ئیسـپانی. زۆریش سەرسامم بە یاریزانان، ڕۆبێرتۆ باجیۆ، ڕۆناڵدۆ و نەیمار.

**ڕووداوی وەرزشـی: دەتەوێ شـتێکی دیکە بڵێی؟**

**هونەر ئەحمەد:** زۆر سـوپاس بۆ (ڕووداوی وەرزشـی) کـە بەردەوامـە لـە خزمەتکردنی وەرزش. بەهیـوای ئـەوەم زیاتـر گرنگـی بە یاریزانانی کوردستان بدەن.

---

# زاخۆش دووچاری قەیران بووە

**ڕووداوی وەرزشی - زاخۆ**



سـکرتێری یانـەی وەرزشـیی زاخـۆ، بـە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ماوەی سێ مانگە هیـچ مووچەیەکـی یاریزانانی هـەردوو خولی نایابـی کوردسـتان و عێراقمان نـەداوە، ئەم قەیرانە داراییە بەشـێوەیەکی خـراپ بەرۆکی گرتووین».

یانـەی زاخـۆ، کە لە سـەرەتای وەرزدا بە مۆرکردنی چەندین گرێبەسـت دەسـتیپێکرد، ئێسـتا دووچـاری قەیرانێکی دارایی سـەخت بووەتـەوەو تەنانـەت نەیتوانیـوە مووچەی 3 مانگـی یاریزانانـی تیپەکەشـی دابیـن بکات لە هـەردوو خولی کوردسـتان و عێراق، بۆیە یانـەی زاخۆ پەنـای بردووەتە بـەر پارێزگای دهـۆک بۆ ئەوەی هـاوکاری تیپەکـەی بکات و یاریزانانـی تیپەکەشـی داوای مافەکانیـان دەکـەن و چەندینجار هەوڵی مانگرتنیان داوە لە مەشقکردن.

خەلیل ئەحمەد، سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخـۆ، لەو بـارەوە بـە (ڕووداوی وەرزشـی) گوت «ئێسـتا ئێمە دووچاری قەیرانی دارایی بووینەو ماوەی 3 مانگە هیچ مووچەیەکمان بە یاریزانانی هەردوو خولی نایابی کوردسـتان و عێـراق نەداوە، چەندینجاریش داوای مافەکانی خۆیـان لە ئێمە کردووە بۆ ئەوەی پارەکانیان پێبدەیـن، تەنانـەت چەندجارێکیـش هەوڵی ئەوەیانداوە مەشقەکانیان ئەنجامنەدەن بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان، بەڵام ئێمە قسـەمان لەگـەڵ کـردوون و بەڵێنـی چارەسـەرکردنی گرفتەکانی ئەوانمان داوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە مەشق کردن و بەردەوامبن».

لەبارەی پێندانی گرێبەسـتی یاریزانانیش، خەلیل گوتی «سـەدا پەنجای گرێبەستەکانی یاریزانانی خۆمان داوەو تەنیا بەشی دووەمیان مـاوە، بـەڵام ئـەم گرفتـە داراییـە تووشـی کێشەمان دەکات».

ئەمسـاڵ جیـاواز لە یانەکانـی دیکەی بەشـدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانـەی زاخۆ لە دەسـتپێکی وەرزی نوێی خولەکـە چەندیـن گرێبەسـتی لەگـەڵ یاریزانانـی تـازەی پیشـەگەر و ناوەخۆی عێراقی بەست بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامـی شایسـتە لـە خولەکـە، بەڵام یانەکـە لـە 11 یاریـدا تەنیـا 17 خاڵی بەدەستهێناوە.

---

سەمیر بابۆ:

# یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ستەمێکی گەورەی لە پێشمەرگە کرد

«دڵنیام لە پشت ئەم سزادانەوە مەبەستێکی تایبەتی هەبووە»

**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

سەمیر بابۆ، ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشـیی پێشـمەرگەی هەولێـر بـە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «یەکێتی تۆپی پێی کوردستان زولمێکی گـەورەی لە یانەی پێشـمەرگە کردووە، دڵنیـام ئـەوان مەبەسـتێکی خۆیان هەبـووە لەم بڕیارە».

دوای ئەوەی لە هەفتەی سـێیەمی خولی نایابی کوردستان لە یاری نێوان هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و برایەتی لەلایەن ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی پێشمەرگە، عەبدولخالق مەحموودەوە، هێرش کرایە سـەر ناوبژیوانـی یارییەکە، لەلایـەن یەکێتی تۆپی پێی کوردسـتانەوە سزایەک بەسەر ڕاهێنەری ناوبراو و یانەکـەی سـەپێنرا، کە سـزای دوورخسـتنەوەی هەتـا هەتایی بۆ عەبدولخالق مەحموود دەرکراو یانەی پێشـمەرگەی هەولێریش لەو یارییەدا بە دۆڕاو دانرا بە ئەنجامی 3 گۆڵی بێبەرامبەر. کە بە بۆچوونی ئیدارە و دەستەی ڕاهێنەرانی ئەو یانەیە ئەو ستەمێکی گەورەبوو لە یانەکەیان کرا.

سـەمیر بابۆ، ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر، لەو بارەوە قسەی خۆی هەبوو، ئەو لە لێدوانێکی تایبەتدا بـە (ڕووداوی وەرزشـی) گوت «ئەم بڕیـارەی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردسـتان هیچ دروسـت نەبوو، لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە بە نووسین هەر لە یاسای یەکێتییەکەدا نییە، کارەکە بە شەخسـی کراوە، زۆر بەداخەوە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەڵە بە هەڵە چارەسەر دەکات».

کاپتن سەمیر گوتیشی «یەکێتی ناوبراو زۆر پەلەی کرد لە بڕیاردان لەسەر هەژمارکردنی تیپەکەی ئێمە بە دۆڕاو، ئێمـە بەر لە یەکێتـی تۆپی پێی کوردسـتان ڕاهێنەری گۆڵپارێـزی تیپەکەمـان سـزا داوەو ئیدانـەی کارەکەی ناوبراومـان کردووە، کە بەهیچ شـێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نین کاری دوور لە گیانی وەرزشی بەرامبەر هیچ کەسێک ئەنجـام بدرێت، بۆیە بەم بڕیارە زولمێکـی گەورەیان لە یانەی وەرزشـیی پێشمەرگەی هەولێر کرد، دڵنیام ئەوان مەبەستێکی خۆیان هەبووە لەم ساتە وەختەدا، ئەم بڕیارە لە کاتێکی خراپ بوو لەدژی یانەکەمان».

لەبارەی تانە دان لە بڕیاریەکەش سەمیر، گوتی «ئێمە تانەمـان داوە و دەمانـەوێ ئەم کارە ڕاسـت بکرێتەوە، چونکە بۆ ئێمە هەر یارییەک گرنگی خۆی هەیە و ئێستاش متمانـەی تەواومان بەخۆمان هەیە کە بتوانین یاریزانانی تیپەکەمان ئاستی باشتر پێشکەش بکەن لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە ئەمساڵ شێوازەکە گۆڕاوە و دوو خولە». هەروەها گوتیشی «لە هەوڵەکانی خۆشمان بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکانمان بە دڵی هەمـوو لایـەک بێـت و کاری دوور لە گیانی وەرزشـیش بنبڕ بکرێت، ئێمە وەک دەستەی ڕاهێنەراینش هیچ کات لەگەڵ کاری دوور لە گیانی وەرزشـیی نین و پشـتیوانی لەم کارەش ناکەین».



---











KOREK Telecom

## ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com

411

ژمارە (384) سێشەممە 2016/1/19



## سەیرە

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی نهێنییەکی سەیری ئاهەنگی بەخشینی باڵۆن دۆری 2015 ئاشکرادەکات، کە بریتییە لە داواکارییەکی سەیری ئیدارەی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی لە فیفا و ڕێکخەرانی ئاهەنگەکە. بەپێی هەواڵێکی مارکا بەر لە ئاهەنگەکە ئیدارەی بارسیلۆنا داوای لە فیفا کردووە ریکاردۆ کاکای ئەستێرەی بەرازیلی خەڵاتەکە نەبەخشێتە لیۆنێل میسی، چونکە پێشتر یاریزانی ریال مەدرید بووە، بەڵام فیفا ئەو داوایەی ڕەتکردووەتەوەو گوتوویەتی پێشتریش وا ڕوویداوە و تێری هێنری خەڵاتەکەی بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەخشیوە».

بەراوردی نێوان زێدان و چاڤی..

# چاڤی هیچی لە زێدان کەمتر نییە





**ئا: ڕوودلوی وەرزشی**

هەرچەندە هەموو جیهان پێیوایە چاڤی هێرناندێزی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بارسیلۆنای کەتالۆنی، یەکێکە لە باشترین یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست لە مێژووی تۆپی پێدا، بەڵام زۆرینەی جیهان ئەوە ڕەتدەکەنەوە چاڤی بە زینەدین زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا بەراورد بکرێت.

لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک بوێری ئەوەی هەبێت بەراوردی نێوان زێدان و چاڤی بکات، ژمارە و ئامارەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە چاڤی هیچی لە زێدان کەمتر نییە، واتە "زێدان لە پێش چاڤی نییە".

**ئەمە بەراوردێکی نێوانیانە خۆتان بڕیار بدەن:**

### زینەدین زێدان:

لە 23ی حوزەیرانی 1972 لەدایکبووە، لە سەرەتای کاروانی وەرزشیی لە ساڵی 1988 لە یانەی مارسیلیا وەک یاریزانی ناوەڕاستی هێرشبەر یاری دەکرد، لەگەڵ مارسیلیا 71 یاری کرد و 6 گۆڵی تۆمارکرد، پاشان چووە ریزەکانی یانەی بۆردۆ و 176 یاری ئەنجامدا و 39 گۆڵی تۆمارکرد. ساڵی 1996 چووە ریزەکانی یانەی یوڤانتۆس لە ئیتاڵیا و 214 یاری ئەنجام دا و 31 گۆڵی تۆمارکرد، لەگەڵ 9 ئەسیست. ئینجا چووە ریزەکانی ریال مەدرید و لە تیپی گلاکتیکۆس بوو کە فلۆرەنتنیۆ پیرێز 51 ملیۆن پاوەندی پێدا، لەگەڵ یانەی شاهانە 231 یاری ئەنجام دا و 49 گۆڵی تۆمارکرد لەگەڵ 34 ئەسیست لە ماوەی 5 ساڵدا، بەمەش کۆی یارییەکانی لەگەڵ هەموو یانەکان گەیشتە 692 یاری و 125 گۆڵ و زیاتر لە 50 ئەسیست، لەگەڵ 49 کارتی زەرد و 10 کارتی سوور، هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا بەشداری لە 108 یاری کرد و 31 گۆڵی تۆمارکرد.

لەگەڵ کەڵەشێرەکان نازناوی مۆندیالی 1998 و جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2000 بەدەستهێناو دووەمی مۆندیالی 2006 بوو، 2 جار نازناوی مۆندیالی یانەکانی بەدەستهێناوە، لەگەڵ یۆڤی لە ساڵی 1997 و لەگەڵ ریال مەدریدیش لە ساڵی 2003. 2 جار خولی ئیتاڵیا و یەکجار سوپەری ئیتاڵیای بەدەستهێنا، لەگەڵ ریال مەدریدیش جارێک خولی ئیسپانیا لە وەرزی 2002 ـ 2003 و 2 جار سوپەری ئیسپانیا و یەکجار چامپیۆنسلیگ و 2 جار سوپەری ئەورووپی بەدەستهێناوە. لەگەڵ خەڵاتی باڵۆن دۆر لە ساڵی 1998 و باشترین یاریزانی فیفا 3 جار لە ساڵانی 1998، 2000 و 2003.

"زێدان لەگەڵ هەموو یانەکانی لە 692 یاریدا 125 گۆڵ و 51 ئەسیستی هەیە"

"زێدان بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی 49 کارتی زەرد و 10 کارتی سووری وەرگرتووە"

### چاڤی هێرناندێز:

لە 25ی کانونی دووەمی 1980 لەدایکبووەو ساڵی 1998 لەگەڵ یانەی بارسیلۆنا دەستی بە یاریکردن کردووە و 17 ساڵ لە ریزەکانی ماوەتەوە، بەر لەوەی روو لە یانەی سەدی قەتەڕی بکات. چاڤی 775 یاری لەگەڵ بارسا ئەنجام داوەو 93 گۆڵی تۆمارکردووە لەگەڵ 164 ئەسیست، هەروەها 53 کارتی زەرد و 2 کارتی سووری وەرگرتووە، لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیاش 137 یاری ئەنجام داوە و لەگەڵ 24 ئەسیست. ئەو تیپەی چاڤی زۆرترین یاری لەدژی ئەنجام داوە یانەی ریال مەدریدە، کە 42 یارییە 17 یاری بردووەتەوە و 12 یاری یەکسان بووە و 13 یاریشی دۆڕاندووە، 5 گۆڵی تۆمارکردووە لەگەڵ 9 ئەسیست.

چاڤی 8 جار خولی ئیسپانیا، 7 جار سوپەری ئیسپانیا، 3 جار جامی شای ئیسپانیا، 4 جار چامپیۆنسلیگ، 2 جار سوپەری ئەورووپا، 3 جار مۆندیالی یانەکان، 1 جار جامی مۆندیال لە ساڵی 2010 و دووجار جامی نەتەوەکانی ئەورووپای بەدەستهێناوە لە ساڵانی 2008 و 2012.

ئەو بەراوردە لە نێوان هەردوو ئەستێرە چاڤی و زێدانە بە ژمارە، دوور لەوەی کامیان باشترە هەردووکیان ئەفسانە و داهێنەرن و چێژیان بە بینەرانیان بەخشیووە.

"چاڤی لەگەڵ بارسا لە 775 یاریدا 93 گۆڵ و 164 ئەسیستی هەیە"

"چاڤی بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی 53 کارتی زەرد و 2 کارتی سووری وەرگرتووە"



# 20 ریکۆرد ئەفسانەی ڕۆناڵدۆیان دروستکردووە

**ئا: ڕوودلوی وەرزشی**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لەسەر نووسینەوەی ژمارەی پێوانەیی بەناوی خۆی بەردەوامە. ئەوەی خوارەوە 20 ژمارەی پێوانەیی ڕۆناڵدۆیە. کە بەهۆیانەوە سیفەتی ئەفسانەی بەخۆیداوە.

1 ـ لەماوەی نێوان 2009 تاوەکو 2013 گرانترین یاریزانی جیهان بوو.

2 ـ تاکە یاریزانی جیهانە کە لە خولەکی 1 تاوەکو خولەکی 90ی یاری گۆڵی کردووە.

3 ـ یەکەم یاریزانە 40 گۆڵ لە دوو وەرزی لەدوای یەکی خولێکی ئەوروپا بکات.

4 ـ زۆرترین هاتریکی لە مێژووی ریال مەدرید کردووە بە 34 هاتریک.

5 ـ گۆڵکاری مێژوویی ریال مەدریدە لە لیگا.

6 ـ تاکە یاریزانی لیگایە لە 5 وەرزی لە دوای یەک 30 گۆڵ بەرەوە سەرەوە بکات.

7 ـ تاکە یاریزانە لە مێژووی لیگادا لە 8 گەڕی یەکەمدا 15 گۆڵ تۆماربکات.

8 ـ لە 6 کلاسیکۆی لەدوای یەک گۆڵی کردووە.

9 ـ خێراترین یاریزانە بگاتە 200 گۆڵ لە لیگا.

10 ـ خێراترین یاریزانە بگاتە 150 گۆڵ لە لیگا.

11 ـ زۆرترین هاتریکی لە مێژووی لیگا کردووە بە 29 هاتریک.

12 ـ لە 12 یاری لە دوای یەکی چامپیۆنسلیگ لە دەرەوەی یاریگای خۆی گۆڵی کردووە.

13 ـ زۆرترین گۆڵی بۆ تیپەکەی لە یارییەکانی دەرەوەی چامپیۆنسلیگ کردووە بە 41 گۆڵ.

14 ـ تاکە یاریزانە لە دوو خول و لەگەڵ دوو یانە (مانچستەر یونایتد و ریال مەدرید) پێڵاوی زێڕی گۆڵکاری ئەوروپا وەربگرێت.

15 ـ توانیویەتی لەگەڵ دوو یانەی جیاواز (مانچستەر یونایتد و ریال مەدرید) باڵۆن دۆر بباتەوە.

16 ـ توانیویەتی لەگەڵ دوو یانەی جیاواز (مانچستەر یونایتد و ریال مەدرید) نازناوی چامپیۆنسلیگ بباتەوە.

17 ـ زۆرترین گۆڵی لە قۆناخی کۆمەڵەکانی چامپیۆنسلیگ کردووە بە 11 گۆڵ، وەرزی 2015 ـ 2016 بەهاوبەشی لەگەڵ لویس ئەدریانۆ.

18 ـ گۆڵکاری مێژوویی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپایە.

19 ـ زۆرترین گۆڵی لەیەک وەرزی چامپیۆنسلیگ کردووە بە 17 گۆڵ لە ساڵی 2013.

20 ـ زۆرترین گۆڵی لە قۆناخی دوورخستنەوەی چامپیۆنسلیگ کردووە بە 39 گۆڵ.

لەگەڵ مانچستەر کەوتووەتە سەر ڕێچکەو لەگەڵ ریال تەواویکردووە..

# ئەفسانەیی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ شەیتان و شایەکان بووە



"ڕۆناڵدۆ تاکە یاریزانە لە مێژوودا لە هەموو خولەکەکانی یاریدا گۆڵی تۆمارکردووە"

**ئا: ڕوودلوی وەرزشی**

کۆمەڵێک لە پسپۆڕ و چاودێرانی تۆپی پێ ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لەگەڵ یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بوویێتە ئەفسانە و دەڵێن "ئەفسانەیی ئەو یاریزانە لەگەڵ مانچستەر یونایتد و ریال مەدرید بووە".

بەقسەی ئەو پسپۆڕانە بێت "ئەگەرچی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ ریال مەدریددا زۆربەی دەستکەوت و نازناو و ریکۆردەکانی تۆمارکردووە، بەڵام ئەو لەگەڵ مانچستەر یونایتد دەستیپێکردووەو هەر لەو یانەیە ئەستێرایەتی خۆی سەلماندووە". هەروەها دەشڵێن "ڕۆناڵدۆ لەگەڵ یانەی شەیتانە سوورەکانی ئینگلتەرا ڕێچکەی سەرکەوتنی گرتووەو لەگەڵ یانەی شاهانەکانی ئیسپانیا تەواوی کردووە".

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بووەتە سیمبولێکی گرنگ و کاریگەر لە مێژووی ریال مەدرید و پێش ئەویش مانچستەر یونایتد. کۆمەڵێک سیمای داهێنەرانە هەن کە دۆن لەگەڵ هەردوو یان زەبەلاحەکە پێشکەشی کردووە. ڕۆناڵدۆ تاکە یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا کە لە هەموو خولەکەکانی کاتی بنەڕەتی یاریدا گۆڵی تۆمارکردووە. هەروەها ڕۆناڵدۆ توانای جەستەیی خۆی بە درێژایی 12 ساڵی یاریکردنی لەگەڵ هەردوو تیپ بەردەوام بە بەرزی ڕاگرتووە. ئەو کاتانەی کە ڕۆناڵدۆ زۆرترین گۆڵی تێدا تۆمارکردووە لەگەڵ مانچستەر یونایتد و ریال مەدرید، لە دوایین چارەکی یارییەکان بووە، لەگەڵ یونایتد 28 گۆڵ و لەگەڵ ریالیش 64 گۆڵی لەو ماوەیەدا تۆمارکردووە.

لە هاوینی 2009 هاندەرانی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی زەبرێکی کوشندەیان بەرکەوت، دوای ئەوەی ئەستێرەی یەکەمی یانەکەیان، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ڕۆیشتنی خۆی لە یانەکە بەرەو ریال مەدریدی ئیسپانی ڕاگەیاند. ڕۆژی 2009/6/6 زیاتر لە 80 هەزار هاندەر لەسەر یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ ئامادەبوون بۆ ئەوەی پێشوازیی لە ڕۆناڵدۆ بکەن، کە بە گەورەترین ئاهەنگی پێشوازیکردن لە مێژووی تۆپی پێ دادەنرێت و بە پێش ئاهەنگی پێشوازیکردن لە مارادۆنا کەوت، کە لە کاتی پێشکەشکردنی لە هاوینی 1984 لەسەر یاریگەی سان پاولۆ لە شاری ناپۆلی ئیتاڵی 75 هەزار هاندەر ئامادەی بوون.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، لە ماوەی 2003 تاوەکو 2009 یاری بۆ مانچستەر یونایتد کردو باڵۆن دۆرێکی بردەوە. لە 2009ەوە تاوەکو 2015ش یاری بۆ ریال مەدرید دەکات و تاوەکو ئێستا 2 باڵۆن دۆری بە درێسی سپی شاهانەوە بردووەتەوە.



## ڕاستە

ڕادیۆی کادینا کۆپی ئیسپانی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باسیان لە ڕوودانی دەمەقاڵێیەک دەکرد، گوایە لەنێوان دانی ئاڵڤێزی بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید لە شەوی ئاهەنگی دابەشکردنی باڵۆن دۆر ڕوویداوە. ئەو ڕادیۆیە گوتی «ڕاستە، دەمەقاڵێیەکە ڕوویدا بوو، ڕۆناڵدۆش دەستیپێکردبوو، ئەو بێئەوەی سڵاو لە ئاڵڤێز بکات پێیگوتبوو تۆ بۆ لێدوان لەدژی من دەدەی، بۆخۆت چاو لە ئینێستا بکە. بێگومان ئاڵڤێزیش زۆر بە توندی وەڵامی دابووەوە».



بارسای هێندەی ئەرجەنتین خۆشدەوێ..

# ژیانی ماسکیرانۆ دوور لە تۆپی پێ

## «خواردنی چەور ناخوات و زۆر حەزی لە گۆشتی برژاوە»

ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO

خافیێر ماسکیرانۆ، ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، لە هەڤپەیڤینێکدا دوور لە وەرزش باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و دەڵێت "حەزم لە مۆزیک نییە، خوێندنەوەو سینەمام پێباشترە".

هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ دەستەی هاندەرانی بلاوگرانا لە خواردنگەی سوداد کوندال ئەنجامدا. کە تەنیا باسی ژیانی تایبەتی خۆی کرد و بەهیچ شێوەیەک باسی تۆپی پێی نەکرد. ماسکی خۆشەویستی خۆی بۆ شاری بارسێلۆنا دەربڕی و بە بۆینس ئایرسی چوواند و لەم بارەوە گوتی "بارسێلۆنا شارێکی زۆر نایابە، باشترین شارە بۆ ژیان بردنە سەر تێیدا، هەرچەندە شارێکی گەورەیە، بەڵام گەشتکردن تێیدا ماندووت ناکات، هەموو شتێکی تێدایە کە بتەوێ".

### حەزی لە گۆشتی برژاوە

ماسکیرانۆ لە درێژەی قسەکانی لەسەر ژیان لە بارسێلۆنا دووپاتی کردەوە، زۆر لە شێوازی ژیان لە ئەرجەنتین دەچێت و گوتی "خەڵکێکی زۆری ئەرجەنتین لێرە دەژین، بۆیە ئەوان کاریگەری زۆریان بەسەر منەوە هەیە، چونکە من 10 ساڵە لە دەرەوەی ئەرجەنتین دەژیم". ماسکی لە بارەی هەندێک داب و نەریتی ئەرجەنتینی خۆشەویست لە دڵی گوتی "هەر کاتێک دەرفەتمان هەبێت خواردنی ئەرجەنتینی دەخۆین بەتایبەتی گۆشتی برژاو کە زۆرم حەز لێیەتی". هەروەها گوتی "دەتوانم چێشت دروست بکەم، هەندێجار خۆم ئازادەکەم و توانای خۆم لە چێشتلێنان تاقیدەکەمەوە، بەڵام هاوسەرەکەم لە چێشتلێنان زۆر لەمن باشترە".

### خوێندنەوەی پێباشترە لە مۆزیک

هەرچەندە زۆر حەزی لە ئاهەنگەکانی گۆشت برژاندنە، بەڵام ژەمەکانی سادە و وەرزشین و لەو بارەوە گوتی "من ژەمی سادە و وەرزشی دەخۆم، کە بۆ یاریزان پێویستن، زۆر بایەخ بە خۆم دەدەم و لەو بارەوە وریام، حەزم لە هەموو جۆرە خواردنێکە و بەردەوام هەوڵی گۆڕانکاری دەدەم".

ماسکی لەبارەی ئارەزووەکانی گوتی "حەزم لە مۆزیک نییە و خوێندنەوە و سینەمام پێباشترە، هەروەها زۆر سەیری زنجیرەکانی تەلەڤزیۆن دەکەم، هەوڵدەدەم زۆرترین کات لە ماڵەوە بەسەر ببەم و سوود لە کاتی بەتاڵ وەرگرم، بۆ ئەوەی سەیری هەندێ فیلم یان زنجیرەی تازە بکەم".



# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### بەسەرهاتەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «من زلاتانم» باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە پێدەچێت لە منداڵیدا ژیانێکی زۆر هەژار و سەختی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەڕێکردبێت.

### دەمویست بەهێز دەرکەوم

«لە ڕاستیدا نەمدەویست لە میلان لاواز بم، بۆیە مینۆ ڕایۆلا پێی گوتم: باشە، بەڵام دەبێت بڕی هەڤرکی لە ئینتەر بزانی، کە تەواو جیاوازە، لەوێ بەخۆڕایی نازناوی خولی ئیتاڵیا بەدەست ناهێنی».

«نەمدەویست هیچ شتێک بەخۆڕایی بەدەستبێنم، دەمویست ڕکابەری بکەم و بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرم». «ئەو هەستە خەریکبوو لە ناخم زیاتر دەبێت تا ئەوکاتەی بیرم کردەوە، لەو وێنەیەی شتەکە لەسەری دەبێت». «بەخۆمم دەگوت ئەگەر بچمە یانەیەک کە 17 ساڵە هیچی بەدەست نەهێناوە و بتوانم خولی ئیتاڵیای لەگەڵ بەدەستبێنم، ئەو شتە دەمباتە ئاستێکی تەواو تازە لە کاروانی وەرزشیم».

«بەڵام وەک گوتم، لە هیچ شتێک دڵنیا نەبووم. شتەکان ئامادە نەبوون، دەبوو یەکەمجار لەو کەشتییە نقوم بووە دەرچم، کە یوڤانتۆسە ئینجا بیر لە داهاتوو بکەمەوە».

### چامپیۆنسلیگ کاریگەری هەبوو

«میلان لە چامپیۆنسلیگ یاری دەکرد، ئەوە ئەنجامی بڕیاری سکاندالی کالچیۆ پولی بوو، میلان بەڕاستی گەیشتبووە پاڵەوانیەتییەکە».

«بەڵام دوای کەمکردنەوەی 8 خاڵ لێی، تیپەکە دەبوو لە پاڵاوتنەکانی گەیشتن بە قۆناخی گروپەکان یاری بکات، لە چامپیۆنسلیگ لەدژی یانەی ئەستێرەی سوور».

«یاری یەکەم لەسەر یاریگەی سانسیرۆ بوو. ئەو یارییە بۆ منیش گرنگ بوو. ئەگەر میلان بگەیشتایە قۆناخی گروپەکان، پارەی زیاتری دەست دەکەوت، بۆ ئەوەی پارە بۆ دەستەوارەکەی من دابین بکات».

«ئەدریانۆ گالیانی جێگری سەرۆکی میلان پێی ڕاگەیاندم: چاوەڕێ دەکەین و لە کۆتایی دەبینین. لە کاتێکی گونجاو تەلەفۆنت بۆ دەکەم».

«تا ئەو ساتە، ئینتەر نزیکتر بوو گرێبەستم لەگەڵ بکات، واتە گواستنەوەم بۆ ئەو یانەیە نزکتر بوو».

### ماسیمۆ توورەی کردم

«ماسیمۆ مۆراتی سەرۆکی یانەکە بوو، کە یەکێکە لە گەورەترین بازرگانانی نەوت. پیاوێک بە ناوێکی گەورەوە، خاوەنی ئینتەر بوو».

«ئەو دەیزانی پێویستم بەوەیە لە خانمە پیرەکە دەرچم، بۆیە 4 جار بەهای گرێبەستەکەی کەم کردەوە».

«هەر جارێک شتێکی تازەی دەهێنا. چاوەڕێی ڕۆژی 8 ئابم دەکرد، تاوەکو یارییەکەی میلان ببینم».

«بەڵام ڕاستییەکەی نەمبینی، شت زۆر هەبوو ئەنجامیان بدەم، بەڵام زانیم کاکا یارمەتی ئینزاگی دابوو لەو یارییە گۆڵ بکات، فشارەکانیش لەسەر یانەکە بەشێوەیەکی گەورە کەمی کردبوو».

«هەر چۆنێک بێت، خەریک بوو بیرکردنەوەم دەگۆڕێت. وردە وردە بیرم بۆ لای میلان دەچوو، بەتایبەتیش کە ماسیمۆ مۆراتی لە بەهای گرێبەستەکەمی کەم دەکردەوە».

«واتە ئەو هەڵوێستەی ماسیمۆ مۆراتیم بەدڵ نەبوو».





خێزانەکەی هەموو و

زێ

«یەکێک لە

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

زینەدین زیدان، ئەستێرەی پێشووی
دوای بوونی بە ڕاهێنەری یانەی ڕیال م
بینیتێز، کە دوای خراپبوونی ئەنجا
لە ماوەی دوایی لە پۆستەکەی
سەرنجەکانی هەموو جیهانی بۆ خۆی
ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان تیشک
و خێزانە وەرزشییەکەی، کە لە 4 ی
پێکهاتوون، زیدان چوار کوڕی هەی
و تیۆ و هەموویان لە ڕیال مەدری
بەردەوام ئامۆژگاری منداڵەکانی
شاهانەن، ئەوان یاریزانی باشن و
یەکدی یاری دەکەن.
لۆکا زیدان، گۆڵپارێزی لا



ئەو ژمارە و زانیاریا



## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



» کاتێک هەندێک یاریزان دەبینم بەتەنیا لەگەڵ گۆڵپارێز دەمێننەوەو گۆڵ تۆمار ناکەن، هەست بە سووکایەتی پێکردن دەکەم

ڕۆناڵدۆ
(دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل)



» لە ڕاستیدا مێسی دەرچووی قوتابخانەی هۆڵەندییە، نەک ئەرجەنتینی و ئیسپانی، چونکە فرانک ریکارد ئەوی پێگەیاندووە

سیزار مینۆتی
(ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین)



» گواردیۆلا لەبەرئەوە لەگەڵ بارسا و بایرن نازناوەکان دەباتەوە، چونکە دوو یانەی گەورەن، با بچێت یانەیەکی حەفتەم لە ڕیزبەندی خولێکدا بکاتە یەکەم

سیلۆک
(بەڕێوەبەری کارەکانی یایا تۆرێ)



» هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە ململانێی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بکەم، تەنانەت بیر لە نازناوە تاکەکەسییەکانیش ناکەمەوە

گاریس بەیڵ
(یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید)



» سوێند بەخوا ئەگەر هەرێمی کەتالۆنیا لە ئیسپانیا جیا ببێتەوە، ڕێگە نادەین بارسێلۆنا لە لالیگادا یاری بکات

خافێر تیباس
(سەرۆکی ڕابیتەی لالیگا)



» ئەگەر لیۆنێل مێسی نەک لە ناوەڕاستی یاریگە، بەڵکو لە هێڵی بەرگریش یاری بکات هەر گۆڵ دەکات و ئەسیست دروست دەکات

لویس ئێنریک
(ڕاهێنەری یانەی بارسێلۆنا)



## دەردەکرێت

دییگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی هۆشدارییەکی توند دەداتە فێرناندۆ تۆرێسی ئەستێرەی ئیسپانی یانەکەی و ڕاشکاوانە پەیامی ئەوەی پێدەدات ئەگەر ئاستی یاریکردنی بەرز نەکاتەوە لە یانەکەی دەردەکرێت و چیدی پشتی پێنابەسترێت. سیمیۆنی لەو بارەوە لە لێدوانێکدا گوتی «ئەگەر فێرناندۆ تۆرێس بیەوێ لە ئەتلەتیکۆ مەدرید بمێنێتەوە، پێویستە هەوڵێکی زیاتر بدات و خۆی ماندوو بکات بۆ ئەوەی ئاستی یاریکردنی بەرز بکاتەوە. مانەوەی تۆرێس و هەر یاریزانێکی دیکەش پەیوەستە بەو کارەی دەیکات».

### بە گوێرەی لێکدانەوەیەکی کۆمپیوتەری..

# ئارسناڵ دەبێتە پاڵەوانی پریمەرلیگ

## «لیستەر سیتی دووەم و مانچستەر یونایتد سێیەم و چێڵسی حەفتەم دەبن»

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ماڵپەری MIN90ی ئینگلیزی ڕاپۆرتێکی لەبارەی ئەزموونێکی خۆی بڵاوکردووەتەوە، ئەویش دانانی زانیاری تیپەکانی خولی نایابی ئینگلیزییە بە گوێرەی ڕەوشی ئێستایان لە ڕیزبەندی خولەکە، لەگەڵ یارییەکانی ماویانە لەنێو سیستمێکی ئۆتۆماتیکی پێشکەوتوو لە ئەژماری خشتەی کۆتایی وەرزەکە.

ئەزموونەکە لە بارەی پێشبینی کۆمپیوتەر، بردنەوەی ئارسناڵی بە جیاوازی خاڵێک لە مانچستەر سیتی دەردەخات، هەردوو تیپی مانچستەر یونایتد و تۆتنهام دەگەنە چامپیۆنسلیگ، لەو کاتەی یانەکانی ئەستۆن ڤێلا، سەندەرلاند و نۆریچ ستیش دادەبەزنە خولی یانە پلە یەکەکان. بە گوێرەی بڵاوکراوەی ماڵپەرەکە و بەلێکدانەوەیەکی تەواو ئۆتۆماتیکی، ئەستۆن ڤێلا بە 29 خاڵ لە کۆتایی ڕیزبەندی یانەکانی پریمەرلیگ دێت، بەمەش یانەکە لەوەتەی لە لە ساڵی 1992 کراوە بە خولی نایابی ئینگلیزی یەکەمجارە دادەبەزێتە ڕیزی یانە پلە یەکەکان. لێکدانەوەی ئۆتۆماتیکی پێشبینی دابەزینی سەندەرلاند لەگەڵ نۆریچ سیتی دەکات. بە جیاوازی تەنیا دوو خاڵ یانەی بۆرنمۆس کە ئەمساڵ سەرکەوتووە لە دابەزین ڕزگاری دەبێت و لە پلەی 17 لەنگەر دەگرێت، یانەی نیوکاسڵ لە پێشی دێتن لەگەڵ سوانزی سیتی، لەو کاتەی یانەکانی ویست برۆمیچ ئەلبیۆن، واتفۆرد، ستۆک سیتی و وێستهام یونایتد نیوەی دووەمی ڕیزبەندییەکە تەواو دەکەن. هەروەها ساوساهامبتۆن لە کۆتایی وەرزە لە پلەی 10 دەبێت، لە پێش ئەو یانەکانی کریستال بالاس و ئێڤەرتۆن لە پلەکانی 9 و 8 دەبن. هەرچی چێڵسی هەڵگری نازناوەکەیە کە ئێستا لە پلەی 14 دایە، لە کۆتایی وەرزەکە لە پلەی 7 دەبێت بە 59 خاڵ، لەگەڵ بوونی دەرفەتێکی زۆر کەم کە لە 13% ڕەت نادات، لەوانەیە بتوانێت یەکێک لە چوار پلەکانی یەکەم بگرێت، کە دەگەنە چامپیۆنسلیگ.

هەر بە گوێرەی ئەو پێشبینیەی کۆمپیۆتەر، سوپرایزی وەرزەکە لیستەر سیتی کە ئێستا لە پلەی دووەم دایە، لە کۆتاییدا خۆی لە پلەی 6 دەبینێتەوە بە 61 خاڵ، لەگەڵ بوونی ڕێژەی 18% دەرفەتی گەیشتن بە چامپیۆنسلیگ لە وەرزی داهاتوودا. هەرچی لیڤەرپوولە دەرفەتی گەیشتن بە چامپیۆنسلیگ لەدەستدەدات و بە جیاوازی گۆڵ لە دواوەی تۆتنهام هۆتسپێرز دێت، کە دوای ماوەیەک دابڕان بە 64 خاڵ دەگەڕێتەوە چامپیۆنسلیگ.



« ئەستۆن ڤێلا لەگەڵ سەندەرلاند و نۆریچ سیتی دادەبەزن بۆ خولی پلە یەکەکان»

هەرچەندە لە ماوەی دوایی ئەنجامەکانی لە هەڵکشان و داکشان دایە و داواکاری ڕۆیشتنی ڕاهێنەرە هۆڵەندییەکەی لویس ڤان گال لە ئارادایە، کەچی مانچستەر یونایتد بە کۆکردنەوەی 72 خاڵ و لە پلەی 3 کۆتایی بەو وەرزە دەهێنێت. هەرچی ئارسناڵە دوای 10 ساڵ دابڕان و بە 77 خاڵ نازناوەکە بەدەستدێنێت و بە جیاوازی تەنیا یەک خاڵ لە پێشی مانچستەر سیتی دووەم دێت.

# خوشکی ڕۆناڵدۆ سووکایەتی بە گەلی سووریا دەکات

**رووداوی وەرزشی ـ MBC**

کاتیا ئەڤیرۆ، خوشکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی لە لێدوانێکدا سووکایەتی بە گەلی سووریا دەکات و دواتر داوای لێبووردن دەکات.

خوشکی ڕۆناڵدۆ، بەشێوەیەکی پێشبینی نەکراو تووڕەبوونی خۆی لەو کەسانە دەربڕی کە لە مادێرای شوێنی لەدایکبوونی ڕۆناڵدۆ، چەند کەسێک سووکایەتیان بە پەیکەری ڕۆناڵدۆ کردبوو، لەو شەوەی لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی خەڵاتی باڵۆن دۆری بردەوە. کاتیا گوتی «هەندێک خەڵک شایەنی ئەوە نین لە مادێرا بژین، ئەوان پێویستە لە سووریا بژین، لەنێو ئەو خەڵکەی هیچ بەهایەک بۆ ژیان و کۆمەڵگا دانانێن».

ئەم لێدوانەی خوشکی ڕۆناڵدۆ خەڵکێکی زۆری لەسەرانسەری جیهان تووڕەکردو قسەکانی بە ڕەگەزپەرستانە لە قەڵەم دران، چونکە دەربارەی گەلێکن کە چەندین ساڵە بەدەست شەڕ و دەردەسەری دەناڵێنێت.

کاتیا، هەر زوو هەستی بە هەڵەکەی کرد و قسەکانی خۆی چاککردەوەو گوتی «داوای لێبووردن لەو خەڵکە دەکەم کە لە سووریا دەژین و چەندین ساڵە بەدەست مەینەتییەکانی شەڕ و تیرۆرەوە دەناڵێنن، بەڵام دڵنیام هەندێک خەڵک هەن شایەنی ئەوە نیین لەو شوێنانە بژین کە ئێستا ژیانی تێدا بەسەردەبەن».

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەم قسانەی کاتیا بێجگە لەوەی کاریگەرییەکی خراپیان بۆ سەر ڕێژەی جەماوەرییەتی ڕۆناڵدۆ دەبێت، هەروەها قسەکانی کەمکردنەوەشن لە هەوڵەکانی ڕۆناڵدۆ لە بواری پرۆژە خزمەتگوزاری و مرۆییەکانی، کە هەمیشە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی مرۆیی جوان دەربکەوێت.



# گرێبەستی وەرزشی چییە و چۆن ئەنجام دەدرێت؟



**د. تەحسین شێروانی**

گرێبەستی وەرزشی، بریتییە لە گرێبەستێک کە پەیوەستە بەجێبەجێکردنی (چالاکییەک، کارێک، ئامانجێک، هۆیەک، خزمەتێک، ڕێنماییەک، پاڵەوانیەتییەکی وەرزشی) لەنێوان دوولایەن کە لایەنێکیان وەرزشوانەکەیە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەردوولاش پابەنددەبن بەو شایستەو ئەرکانەی لەسەر هەر لایەکیانەو دەبێ جێبەجێی بکەن.

## تایبەتمەندیەکانی گرێبەستی وەرزشی:

1 ـ گرێبەستێکی ڕەزامەندییە، کە پێویستە هەردوولا ئیجابیانە قبوڵی بکەن.

2 ـ نووسینی گرێبەستیش لەنێوان یاریزان و یانە، کە یانەکان پەنای بۆ دەبەن، مەرجێکە بۆ سەلماندنی گرێبەستەکە نەک تەنیا بۆ بەستنی، ئەگەر یاسایەک نەبێ ئەوە بسەپێنێ.

3 ـ دەبێ هەردوولا پابەندبن بەجێبەجێکردنی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە، واتە دەبێ یانەکە کرێی یاریزانەکەو شایستەکانی بدات، لەبەرامبەردا یاریزانەکەش دەبێ یاری باشی بۆ بکات و پابەندی ڕێنماییەکانی یانەکە بێت.

4 ـ گرێبەست وەرگرتن و پێدانە، واتە (یانەکە بەرامبەر یاریکردنی یاریزانەکە بۆی، پارەی پێدەدات)، بەڵام هەندێجار ئەوە لە گرێبەستەکە ڕوونادات، بۆیە ڕاستە ئەگەر یاریزانەکە واز لە کرێیەکەی بێنێ، ئەگەر شایانی ئەوەبوو کە کرێ وەرنەگرێ.

5 ـ گرێبەستی جێبەجێکردنی بەردەوامە، تێیدا (ماوە) ڕەگەزێکی سەرەکییە، کە ماوەکە دیاردەکرێت، بەتایبەتی لە گرێبەستی یاریزانی پیشەگەر، بەڵام زۆرجار (ماوە) هیچ نرخی نامێنێ وەک ئەوەی لەگواستنەوەی یاریزاناندا ڕوودەدات (یاریزانەکە بەر لەتەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی یانەکە جێدێڵێت).

6 ـ لەوانەیە بڕی گرێبەستەکە دیاربکرێت، واتە (چەندی ماوەو چەندی دراوە) وەک گرێبەستی ڕاهێنەرەکان.

7 ـ لەوانەیە گرێبەستەکە (ئەگەریی) و (گریمانەیی)بێت، وەک ئەوەی لەیاری ئەسپسواری ڕوودەدات، کاتێک ئامادەبووان گرەو لەسەر چەند ئەسپێک دەکەن.

8 ـ هەموو ئەو گرێبەستانە گرێبەستی ملکەچبوونن (پابەندبوون) بۆ یانەکان، بەڵام هەندێجاران پێداچوونەوە کارێکە دەبێت بکرێت.

9 ـ گرێبەستی وەرزشی ناوی تایبەتی نییە، هەروەک گرێبەستی گرەو و قومار.

10 ـ بەلای کەم دەبێت یەکێک لەلایەنەکانی گرێبەستەکە وەرزشوان بێت.

11 ـ گرێبەستەکە پەیوەستە بە (چالاکییەک، کارێک، ئامانجێک، هۆکارێک، خزمەتێک، ڕێنماییەک، پاڵەوانیەتییەکی فەرمی).

12 ـ پەسەندکردنی گرێبەست لەیەکێتییە وەرزشیەکان دەبێت.

## نموونەکانی گرێبەستی وەرزشی:

1 ـ گرێبەستی نێوان یانەیەکی وەرزشی و یاریزان: ئەوەش چەند لایەنێکی هەیە:

ا ـ لەوانەیە یاریزانەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گرێبەست بکات لەگەڵ یانەکە، لێرە یاریزان وەک فەرمانبەرێکی یانەکەی لێدێت، تاوەکو ماوەکەی تەواودەبێت، حوکمەکانی گرێبەستی کارکردن لەسەر ئەو گرێبەستە جێبەجێدەکرێن.

ب ـ لەوانەیە یاریزان گرێبەست لەگەڵ یانەکە بکات بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی دیاریکراو، بەکۆتایی هاتنی چالاکییەکە گرێبەستەکەش کۆتاییدێت، بەم گرێبەستە دەگوترێت «گرێبەستی پێدانی یاریزان».

ج ـ لەوانەیە یانەکە مەرج لەسەر یاریزانەکە دابنێت بەوەی نابێت گرێبەست لەگەڵ هیچ لایەک بکات تاوەکو ئەوکاتەی پەیوەستە بەگرێبەستەکەی. هەروەها یاریزانیش لەوانەیە مەرج بۆ یانەکە دابنێت بەوەی بتوانێت لەگەڵ هەر یانەیەکی دیکە گرێبەست بکات.

د ـ لەوانەیە یانەکە مەرج دابنێت لەسەر یاریزانەکە بەوەی مافی ئەوەی هەبێت (یانەکە) هەڵسوکەوت بەتواناکانی یاریزانەکە بکات و بیفرۆشێتەوە یانەیەکی دیکە لەماوەی گرێبەستەکەیدا.

2 ـ ئەو گرێبەستەی لەنێوان دوو یاریزانی وەرزشی ئەنجامدەدرێت: وەک گرێبەستی گرەوکردن لەسەر پارە یان شتی دیکە لەنێوانیان، وەک لە یارییەکانی زۆرانبازیی کراوە.

3 ـ گرێبەستی نێوان دەستەی کارگێڕی و یاریزان: یان دەستەی کارگێڕیی و یانەکە بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکی وەرزشی دیاریکراو.

4 ـ گرێبەستی نێوان کۆمپانیا بازرگانییە تایبەتەکان: لەگەڵ هەندێ یاریزانی پیشەگەر یان یانەی ناودار بەمەبەستی ریکلامکردن یان ڕاگەیاندن.

5 ـ گرێبەستی نێوان یانە و ڕاهێنەرێکی وەرزشی: یان لەنێوان دەستەی کارگێڕی یان کۆمپانیا یان یاریزانەکە خۆی لەگەڵ ڕاهێنەرێکی وەرزشی بەمەبەستی ڕاهێنانی یاریزانەکە بەباشترین شێوە بەتایبەتی لەیارییە تاکەکاندا.

6 ـ گرێبەستی نێوان یانەیەک و یانەیەکی دیکە: بۆ ڕێکخستنی پاڵەوانیەتییەکی وەرزشی دیاریکراو، وەک ئەوەی لەنێوان لیژنە ئۆلۆمپییە نیشتمانییەکان دەکرێت، یان لەنێوان لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی و وڵاتێک یان چەند وڵاتێک بۆ ڕێکخستنی پاڵەوانیەتییەکی وەرزشی دیاریکراو.

7 ـ گرێبەستی نێوان خولە ئۆلۆمپییەکان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن: بەگشتی بەمەبەستی ڕووماڵکردنی خولەکە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بۆ گواستنەوەی یارییەکان بۆ هەموو جیهان یان هەرێمێک.

8 ـ گرێبەستی (فرۆشتنی یاریزان): پێشی دەگوترێت «گرێبەستی گواستنەوەی یاریزان»، ئەوەش لەوانەیە بەیەکێک لەو شێوانەی خوارەوە بێت:

ا ـ یاریزان تواناکانی خۆی دەفرۆشێ بەیانەیەک یان لایەنێکی کارگێڕیی یان کۆمپانیایەکی بازرگانی.

ب ـ یانەیەک یاریزانێک کە گرێبەستی لەگەڵ هەیە دەیفرۆشێ بەیانەیەک یان لایەنێکی دیکە، ئەگەر دەقێک هەبوو لە گرێبەستەکە ڕێگە بەمە بدات.

ج ـ کارگێڕی یانەیەک خزمەتی یاریزانێک دەکات بەلایەنێکی دیکە.

د ـ کۆمپانیا بازرگانییەکان کە ئامانجیان قازانجکردنە، یاریزان دەکڕن و دەفرۆشن، یان مامەڵە بەتواناکانیان دەکەن.

* مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەلاحەدین



KOREK

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

جامی ئیسپانیا
10:30
چوارشەممە 2016/1/20
سێلتاڤیگۆ - ئەتلەتیکۆ مەدرید

جامی ئیتاڵیا
10:45
چوارشەممە 2016/1/20
لازیۆ - یوڤانتۆس

جامی ئیسپانیا
11:00
چوارشەممە 2016/1/20
ئەتلەتیک بلباو- بارسیلۆنا

جامی ئیسپانیا
06:00
یەکشەممە 2016/1/24
ئەتلەتیکۆ مەدرید - سڤیلیا

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 21 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/1/22** | |
| خیخۆن - ریال سۆسیداد | 10:30 |
| **شەممە 2016/1/23** | |
| مەلەگە - بارسیلۆنا | 06:00 |
| ئیسپانیۆل - ڤیاریال | 08:15 |
| گرانادا - گیتافی | 10:30 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - سێلتاڤیگۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/1/24** | |
| ئەتلەتیک بلباو - ئیبار | 02:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - سڤیلیا | 06:00 |
| دیپۆرتیڤۆ - ڤالێنسیا | 08:15 |
| ریال بیتیس - ریال مەدرید | 10:30 |
| **دووشەممە 2016/1/25** | |
| لیڤانتی - لاس پالماس | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 47 |
| 2 - بارسیلۆنا | 45 |
| 3 - ریال مەدرید | 43 |
| 4 - ڤیاریال | 40 |
| 5 - سێلتاڤیگۆ | 34 |
| 6 - سڤیلیا | 32 |
| 7 - ئیبار | 30 |
| 8 - دیپۆرتیڤۆ | 28 |
| 9 - ئەتلەتیک بلباو | 28 |
| 10 - خیتافی | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسیلۆنا | 18 |
| 2 - نەیمار | بارسیلۆنا | 16 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 16 |
| 4 - بێنزیمە | ریال مەدرید | 16 |
| 5 - بەیڵ | ریال مەدرید | 13 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئیبار - گرانادا) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 23 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/1/23** | |
| نۆرویچ سیتی - لیڤەرپوول | 03:45 |
| سەندەرلاند - بۆرنیمۆس | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| واتفۆرد - نیۆکاسڵ | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| لیستەر سیتی - ستۆک سیتی | 06:00 |
| کریستال - پالاس تۆتنهام | 06:00 |
| وێستهام - مانچستەر سیتی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/1/24** | |
| ئێڤەرتۆن - سوانزی سیتی | 04:30 |
| ئارسناڵ - چێلسی | 07:15 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ئارسناڵ | 44 |
| 2 - لیستەر سیتی | 44 |
| 3 - مانچستەر سیتی | 43 |
| 4 - تۆتنهام | 39 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 37 |
| 6 - وێستهام | 35 |
| 7 - ستۆک سیتی | 33 |
| 8 - کریستال پالاس | 31 |
| 9 - لیڤەرپوول | 31 |
| 10 - ساوسهامپتۆن | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 15 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 15 |
| 3 - ئۆدیۆن | واتفۆرد | 14 |
| 4 - محرز | لیستەر سیتی | 13 |
| 5 - کەین | تۆتنهام | 12 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (سوانزی سیتی - واتفۆرد) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 21 )

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/1/23** | |
| ئینتەرمیلان - کارپی | 05:00 |
| فرۆزینۆنی - ئاتالانتا | 08:00 |
| ئیمپۆلی - میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/1/24** | |
| فیۆرەنتینا - تۆرینۆ | 02:30 |
| ساسۆلۆ - بۆلۆنیا | 05:00 |
| لازیۆ - کیێڤۆ | 05:00 |
| ڤیرۆنا - جێنەوا | 05:00 |
| سامپدۆریا - ناپۆلی | 05:00 |
| پالێرمۆ - ئۆدینێزی | 05:00 |
| یوڤانتۆس - رۆما | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ناپۆلی | 44 |
| 2 - یوڤانتۆس | 42 |
| 3 - ئینتەرمیلان | 40 |
| 4 - فیۆرەنتینا | 38 |
| 5 - رۆما | 35 |
| 6 - میلان | 32 |
| 7 - ساسۆلۆ | 31 |
| 8 - ئیمپۆلی | 31 |
| 9 - لازیۆ | 28 |
| 10 - کیێڤۆ | 27 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 20 |
| 2 - دیبالا | یوڤانتۆس | 11 |
| 3 - مارتینز | سامپادۆریا | 11 |
| 4 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 10 |
| 5 - لیۆناردۆ | جێنەوا | 10 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 18 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/1/22** | |
| هامبۆرگ - بایرن میونشن | 10:30 |
| **شەممە 2016/1/23** | |
| کۆڵن - شتۆتگارت | 05:30 |
| ئینگۆلشتات - ماینز | 05:30 |
| هۆفنهایم - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - ئوگسبۆرگ | 05:30 |
| هانۆڤەر - دارمشتات | 05:30 |
| مونشنگلادباخ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/1/24** | |
| فرانکفۆرت - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| شاڵکە - ڤێردەربریمەن | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 46 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 38 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 32 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 29 |
| 5 - بایرلیڤەرکۆزن | 27 |
| 6 - شاڵکە | 27 |
| 7 - فۆلفسبۆرگ | 26 |
| 8 - ماینز | 24 |
| 9 - کۆڵن | 24 |
| 10 - هامبۆرگ | 22 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 18 |
| 2 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 15 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 14 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 11 |
| 5 - کالۆ | هێرتا بەرلین | 9 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 22 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/1/22** | |
| رین - ئەجاکسیۆ | 10:30 |
| **شەممە 2016/1/23** | |
| پاریس سانجێرمان - ئەنجی | 07:00 |
| گانگۆن - باستیا | 10:00 |
| لیل - تروا | 10:00 |
| مۆنپێلیە - کان | 10:00 |
| نانت - بۆردۆ | 10:00 |
| نیس - لۆریان | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/1/24** | |
| مۆناکۆ - تۆلۆز | 04:00 |
| ریمس - سانت ئیتیان | 07:00 |
| لیۆن - مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 57 |
| 2 - مۆناکۆ | 36 |
| 3 - ئەنجی | 34 |
| 4 - نیس | 33 |
| 5 - سانت ئیتیان | 32 |
| 6 - رین | 31 |
| 7 - کان | 30 |
| 8 - مارسیلیا | 29 |
| 9 - لیۆن | 29 |
| 10 - بۆردۆخاڵ | 29 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 16 |
| 2 - پاتشوای | مارسیلیا | 12 |
| 3 - موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 4 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 5 - بن عەرەفە | نیس | 9 |

## جامی شای ئیسپانیا (قوناخی 8)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/1/20** | |
| سێلتاڤیکۆ - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:30 |
| ئەتلەتیک بلباو - بارسیلۆنا | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2016/1/21** | |
| ڤالێنسیا - لاس پالماس | 10:00 |
| سڤیلیا - میراندێس | 11:00 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نیگریدۆ | ڤالێنسیا | 4 |
| 2 - ئەبدۆن | میراندێس | 4 |
| 3 - حەدادی | بارسیلۆنا | 4 |
| 4 - جودیتی | سێلتاڤیگۆ | 4 |
| 5 - ساندرۆ | بارسیلۆنا | 3 |

خولی ئینگلتەرا
07:15
یەکشەممە 2016/1/24
ئارسناڵ - چێلسی

خولی ئەڵمانیا
07:30
یەکشەممە 2016/1/24
شاڵکە - ڤێردەربریمەن

خولی ئیتاڵیا
10:45
یەکشەممە 2016/1/24
یوڤانتۆس - ڕۆما

خولی فەڕەنسا
11:00
یەکشەممە 2016/1/24
لیۆن - مارسیلیا

ژمارە (384) سێشەممە 2016/1/19



30

سەرەڕای ئەوەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ دوو ڕکابەرەکەی توانی خەڵاتی باڵۆن دۆری 2015 بباتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر کاپتنی هەڵبژاردەکان دەنگی خۆیان پێنەدابوو. دوای ئەوەی فیفا دەنگەکانی ئاشکراکرد، دەرکەوت کاپتنی 30 هەڵبژاردە هیچ یەکێک لە 3 دەنگەکانی بە مێسی نەداوە، لەسەرووشیانەوە شڤاینشتایگەری ئەڵمانی، ڕۆدریگزی کۆلۆمبی، لیڤاندۆفسکی پۆلۆنی و گۆدینی ئۆرگوایی و چەندینی دیکە. هەروەها مێسی و ڕۆناڵدۆش دەنگیان بەیەکدی نەدابوو، کاسیاسی کاپتنی ئیسپانیاش بەشداری لە دەنگدانەکەدا نەکردبوو.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

هیمەت مەرزانی لە هەولێر

بە لێدوانی:

( پیرۆزە لیۆندۆر، شایستەی تۆیە باڵۆندۆر )

## پێشتر یاریزانی یانەی سەندەرلاندی ئینگلیزی بووە..

# قومار ئەم یاریزانەی کردە پاککەرەوەی WC

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی ئاشکرای کردووە، کیڤن کایلی یاریزانی پێشووی یانەکانی سەندەرلاند و کۆڤنتری ئینگلیزی و گلاسکۆ ڕێنجەرزی سکۆتلەندی، بەهۆی دۆڕاندنی ئەو سامانەی لە تۆپی پێ خەرجی کردبووە لە قومار، ئێستا کاری پاککردنەوەی ئاودەستەکان دەکات.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە کایل ئێستا لەسەر پشتی کەشتییەکی گەشتیاری وەک کرێکاری پاککردنەوە بە کرێی مانگانە 800 پاوەند کاردەکات، دوای ئەوەی لەدوایین کاروانی وەرزشی خۆیدا مانگانە 40 هەزار پاوەندی وەردەگرت. کایل لەم بارەوە دان بەوەدا دەنێت کە قومار چارەنووسی ئەوی بەوە گەیاندووە کاری پاککردنەوەی ئاودەستەکان بکات و دەڵێت "نامەوێ باسی ڕابردووی خۆم وەک یاریزانی تۆپی پێ بکەم، قومار وایلێکردووم ئەو کارە بکەم".

بەقسەی ئەو ڕۆژنامەیە، ئەو کۆنە یاریزانە ئینگلیزییە، سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندا کە یانەکان ئێستا پارەی خەیاڵی دەدەنە یاریزانانی تۆپی پێ. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە کایل خۆی بە ڕاددەیەک بە قومارەوە گرتووە تەنانەت ئێستاش ناتوانێت وازی لێبێنێت و نووسیویەتی "کایل هەموو ئەو پارەیەی ئێستاش لە ڕێگەی پاککردنەوە بەدەستی دێنێت لە قومار سەرفی دەکات و دەیدۆڕێنێت".



## کاری بۆ کردوون..

# ڕۆناڵدۆ داوای کرێ لە مێسی و نەیمار دەکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی نهێنییەکی خۆی لەگەڵ هەردوو یاریزانی یانەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی و نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی ئاشکرا دەکات و دەڵێت "بەر لە ئاهەنگی باڵۆن دۆر داوای پارەم لەو دوو یاریزانە کردووە".

ڕۆناڵدۆ، بەسەرهاتێکی خۆی لەگەڵ مێسی و نەیمار بۆ ڕۆژنامەیەک ئاشکرا دەکات، کە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بەر لە دەستپێکردنی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی باڵۆن دۆر لە زیورخی سویسرا بەسەریان هاتووە و دەڵێت "بەدرێژایی کۆنگرەکە من کاری وەرگێڕانم بۆ مێسی و نەیمار دەکرد، چونکە ئەوان ناتوانن بە ئینگلیزییەکی باش قسە بکەن، بەو پێیەی پێشتر لە ئینگلتەرا یارییان نەکردووە". خۆشیی ئەو بەسەرهاتە لەوەدا تەواو دەبێت، کە ڕۆناڵدۆ گوتی "دواتر پێمگوتن من پارەی خۆم دەوێ، چونکە زۆر کارم بۆ کردوون و ماندووتان کردووم".

دوای ئەم قسانەی ڕۆناڵدۆ، زۆر لە میدیا و چاودێران ڕایانگەیاند کە ئەم بەسەرهاتە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ دوو یاریزانە ڕکابەرەکەی باشە و بەو شێوەیە نییە کە هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەیوروژێنن، گوایە پەیوەندی نێوان ئەو 3 ئەستێرەیە خراپە.



## 4 LOTTO

## چل و شەشەمین پێشبڕکێ

ژمارە (384) سێشەممە 2016/1/19

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو: ..............................

مۆبایل: ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوە و خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە